حکومەتی هەرێمی کوردستان -عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییەکانی پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
المجلس الكوردستاني الأعلى للأختصاصات الطبية
مديرية التسجيل

Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Kurdistan Council of Medical Specialties
Directorate of Registration

ژمارە : ٤٢٠٧
ڕێکەوت ١٣/ ١٠/ ٢٠٢٦ زایینی
/ /٢٧٢٦ کوردی

العدد:
التأريخ:

ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییەکانی پزیشکی
Kurdistan Higher Council of Medical Specialities
دەرکردە

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر
وەزارەتی تەندروستی/ نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر
وەزارەتی پێشمەرگە/ نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیز

بابەت/ وەرگرتنی دۆکیومێنتی ئارەزوومەندانی خوێندن و ڕاهێنان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٦-٢٠٢٧

سڵاو و ڕێز.

پاڵپشت بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ بە پێی نووسراوی ژمارە (١٥٨١٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٩/١٦ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنەکەمان بە خۆشحاڵییەوە ڕایدەگەیەنێت کەوا لە ئێستادا خوازیارانی خوێندن و ڕاهێنان دەتوانن دۆکیومێنت و بەڵگەنامە داواکراوەکانیان بە مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنەکەمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٦-٢٠٢٧ بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

١- وادەی پێشکەشکردن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١٠/١٣ دەست پێدەکات تاکو ٢٠٢٦/١١/١٥

٢- پێشکەشکردن بە شێوەی ئۆنلاین دەبێت لە ڕێگەی دروستکردنی هەژماری تایبەت لە وێبسائی ئەنجومەنەکەمان ( https://khcms.edu.krd/)

٣- دوای دروستکردنی هەژماری تایبەت و پەسەندکردنی لە لایەن لیژنەی پێداچوونەوە لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان، پێویستە دۆکیومێنت و بەڵگەنامەکان بە شێوەی وێنەی ڕەسەن (هارد کۆپی) ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بکرێت.

٤- پێشکەشکردن بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن بە پێی مەرج و ڕێنماییەکانی هاوپێچکراو دەبێت.

لەگەڵ ڕێزدا.،

هاوپێچ/ مەرج و ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٦-٢٠٢٧

پ. د. ئاریانا خالص جواد
سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی
/ /٢٠٢٦

وێنەیەك بۆ :
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن // لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجومەن بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی// لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی تاقیکردنەوەکان// بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی ئەنجومەنە پسپۆڕیەکانی زانستی// بۆ زانین و ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمار....
- دەرکردە.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٦)**

**ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی بۆ پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧)**

## مەرجە گشتیەکان:

1. نووسراوی لارینەبوون و پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار بەپێی ڕێنمایە کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.
2. مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی تەنها بۆ پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی بریتی دەبێت لە (IELTS-Academic: 6, TOEFL-iBT: 73, Pearson PTE-Academic: 67) یاخود تەواوکردنی ئاستی (Advanced) لە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی و دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرجەم ڕاهێنراوانی بۆڕد پێش تاقیکردنەوەی بەشی دووەم (کۆتایی) تیۆری دەبێت. بەپێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت و سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.

ب. هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی کە پێشکەشی پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) دەکەن، لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێن.

ج. سەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا)، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.

د. پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە زووترین کات ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی (IELTS, TOEFL-iBT, Pearson PTE-)ی وەرگیراوان بکات.

هـ. بڕوانامەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (Pearson PTE-Academic, TOEFL, IELTS-Academic) بۆ ماوەی (3) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو ساڵیان بەسەردا تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان کرابێت.

3. ڕۆژی دەستپێکردنی پرۆسەی پێشکەشکردن دەبێت بە بنەما سەبارەت بە تەمەنی پێشکەشکار بۆ خوێندن بە شێوازی خۆرایی نابێت لە (٥٠) ساڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە سیستەمی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.
4. مەرجە پێشکەشکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل داواکاری پێشکەش بکات.
5. **پێشکەشکارانی دانەمەزراو :** ئەو پێشکەشکارانەی کە لە کاتی پێشکەشکردندا دانەمەزراون و خزمەتی کەرتی تەندروستییان لە دەرەوەی وڵات یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەواو کردووە، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان نووسراوێک ئاراستەی (وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان)ی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی ووردبینیکردن زانیاری و پێدانی نووسراوی لارینەبوون کە خزمەتەکانیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیان بووە.

**مەرجە تایبەتیەکان:**

1. ئەم پسپۆریانەی کە لە خوارەوە هاتووە پێویستیان بە پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine).....هتد
2. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆریەتی Intensive Care Medicine: هەمان مەرجە گشتیەکانی لەسەر پەیرەو دەکرێت لەم پسپۆریەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە بۆ (Track I) لە حالەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.
3. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان بۆ پسپۆریەتیەکانی:(Health Administration, Infectious Disease Control) بریتی دەبێت لە:-
   أ. پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج.
   ب. تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.
   ج. دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.
   د. تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆریەتی (Dental Public Health) بکەن و پێشکەشکار مەرجە ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.
4. ئەو پێشکەشکارانەی کە پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان دەکەن بۆ هەردوو پسپۆڕی ی (Dermatology, Plastic Surgery) پێویستە بە لایەنی کەمەوە (١) ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە هەمان بەش هەبێت و پابەند بێت بە ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی.
5. بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی ددان و دەرمانساز، پێشکەشکار پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت بە پێی ڕێنمایی کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە.
6. پێشکەشکارانی دانەمەزراو لە پسپۆرییەکانی (پزیشکی گشتی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) هەمان مەرج و ڕێنمایی پزیشکانی دامەزراو لەسەریان جێبەجێ دەکرێت کە پێویستە (١) یەک ساڵ پزیشکی خولاوی و (٢) دوو ساڵ پلەبەندی وەکو خۆبەخش یان خزمەتی حکوی پەسەندکراویان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی کردبێت بە پێی ئەو شوێنەی خزمەتی لێ کردووە بە نووسراوی فەرمی پشتراست بکرێتەوە، هەروەها پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) تەنها بە شێوازی پاراڵێل دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێشکەشکار نووسراوی پشتگیری لە (وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان)ی هەرێمی کوردستان بهێنێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان بکات لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن.

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
| Internal Medicine | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەناو | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Pediatrics | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی منداڵان | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Family Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Psychiatry | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| **پسپۆڕییەکان** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)** |
| Gastroenterology | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Emergency Medicine | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | ئەم پسپۆڕییە (Track II)ی نیە |
| Neurology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی مێشک و کۆمەڵەی دەمار | ئەم پسپۆڕییە (Track II)ی نیە |
| Medical Oncology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە | ئەم پسپۆڕییە (Track II)ی نیە |
| Clinical Hematology | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە نەخۆشیەکانی خوێن | هەڵگری بۆڕدی هەناوی و Hematopathology |
| Dermatology | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی پێست وە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە | ئەم پسپۆڕییە (Track II)ی نیە |
| Nephrology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی هەناو یاخود لە نەخۆشییەکانی گورچیلە | هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Rheumatology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە ڕۆماتیزم و چارەسەری سروشتی | هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Pulmonary Medicine | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە نەخۆشییەکانی هەناوی | هەڵگری بۆڕدی هەناوی یاخود (Emergency Medicine)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Cardiology | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Endocrinology & Diabetes | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Clinical Pharmacy | (١) یەک ساڵ خزمەتی دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو (٢) ساڵ خزمەتی دەرمانسازی پلەبەند یاخود کۆی گشتی (٣) ساڵ خزمەتی هەبێت | ئەم پسپۆڕییە (Track II)ی نیە |
| Pediatric Cardiology | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆڕدی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Geriatric Medicine | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لە (Internal Medicine) یاخود (Family Medicine) و (Emergency Medicine) یاخود (Community Medicine) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Pediatric Haemato-Oncology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە (Pediatric Haemato-Oncology) | هەڵگری بۆڕدی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Neonatology | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆڕدی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Infectious Disease | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لە (Internal Medicine) و (Family Medicine) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Vascular and Endovascular Interventional Therapy | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد لە (General Surgery) یاخود (Cardiothoracic and Vascular Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Neurovascular Intervention | ئەم پسپۆڕییە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Neurology) یاخود (Neurosurgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Intensive Care | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد لە ( General |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆریەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆری گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆری وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
| **Medicine** | حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology) ماوەی خوێندن و ڕاهێنانیان (٣) ساڵ دەبێت |
| **Allergy and Immunology** | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Pediatric Nephrology** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics) |
| **Pediatric Endocrinology** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics) |
| **Pediatric Rheumatology** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics – Rheumatology) |
| **Physical Medicine and Rehabilitation** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی لە یەکێک لە بەشەکانی ( Internal Medicine – Neurology – Rheumatology – Neurosurgery – Orthopedic) | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Bone Marrow Transplantation** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە ( Clinical Hematology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| **General Surgery** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری گشتی | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Obstetrics & Gynecology** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Neurosurgery** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری مێشک و کۆمەڵەی دەمارەکان و بڕبڕەی پشت | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Orthopedics** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێسک و شکان | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **ENT** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری قورگ و لوت و گوێ | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Urology** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری میزەڕۆ | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Cardiothoracic & Vascular Surgery** | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری سنگ و بۆریەکانی خوێن | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Plastic Surgery** | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری وە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Digestive & Hepatic Surgery** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی نەشتەرگەری گشتی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| **Ophthalmology** | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری چاو | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Pediatric Surgery** | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری منداڵان | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| **Rhinology - Endoscopic Skull Base Surgery)** | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی قورگ و لوت و گوێ ENT، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| **Maternal-Fetal Medicine** | - هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ<br>- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ |
| **Gynecological Oncology** | -هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology),ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار | - هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology) |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆریەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆری گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆری وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
| | ساڵ<br>, هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە<br>(Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج<br>ساڵ | - ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ |
| Head & Neck Surgery | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی (ENT یان (General Surgery)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت |
| Trauma Surgery | هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ تراک دوو |
| Facial Plastic & Reconstructive Surgery | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی:<br>(ENT یان Plastic Surgery )، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Bariatric Surgery | هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery) یاخود (GIT Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery) و (GIT Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Breast Surgery | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Pediatric Orthopedic | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Forensic Medicine | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Hand Surgery | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics) ماوەی ڕاهێنان: (٣) ساڵ فیلۆشیپ |
| Anesthesia | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Cardiac Anesthesia | ئەم پسپۆریە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Anesthesia) ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ |
| Oral & Maxillofacial Surgery | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری دەم و ڕوو و شەویلاگ | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Oral & Maxillofacial Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Restorative Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Orthodontics | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Special Care Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Hematology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Histopathology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Chemical Pathology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Clinical Microbiology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |
| Radiology & Medical | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی تیشک و سۆنار یاخود (٢) | ئەم پسپۆریە (Track II)ی نیە |

| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
|---|---|---|
| | **مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان** | |
| **Imaging** | دوو ساڵ خولی تیشک و سۆنار (دورة تدريب الاشعة) | |
| **Radiation Oncology** | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشک | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| **Woman Imaging Fellowship** | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| **Musculoskeletal Radiology** | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| **Interventional Radiology** | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| **Cardiovascular Diagnostic Radiology** | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology – Cardiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| **Community Medicine** | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| **Health Administration** | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| **Infectious Disease Control** | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| **Dental Public Health** | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |

**پسپۆڕی گشتی (Track I):** پسپۆڕی گشتی هەڵگرانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**پسپۆڕی وورد (Track II):** تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی (بۆڕدی پزیشکی) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**فیلۆشیپ (Fellowship):** تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی (بۆردی پزیشکی) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**تێبینی/**

1. دەرچووی کۆلێژەکانی (پزیشکی گشتی، ددان و دەرمانسازی) دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لە پسپۆری (کارگێری تەندروستی -Health Administration).
2. هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP,MRCS,FRCP,FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت، تەنها ئەو بڕوانامانە هەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنەمای (CCT).

**بەڵگەنامە پێویستیەکان:**

1. دروستکردنی هەژماری تایبەت و پڕکردنەوەی فۆرمی پێشکەشکردن لە وێبسایتی فەرمی بۆردی کوردستانی.
2. نووسراوی لاری نەبوون و دوایین پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.

   تێبینی/ سەبارەت بە پێشکەشکردن بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.
3. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس بە زمانی ئینگلیزی (وێنەی ڕەسەن).
4. بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەڵگرانی (بڕوانامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و بۆڕدی پزیشکی) ئەگەر هەبێت بە شێوەی ڕەسەن.

5. وێنەی رەنگاورەنگی (کارتی زانیاری) و (کارتی نیشتمانی) یاخود (پاسپۆرت).
6. پسولەی ژمێریاری پێشکەشکردن.
7. ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان دەکەن، پێویستە لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن، بەڵێنامەی یاسایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی واژوو بکات کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە. بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.
**8.** بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی مەرجەکانی (ماددەی ١/٢/أ)ی ئەم ڕێنماییە (ئەگەر هەبێت) (وێنەی ڕەسەن).